

سیروان ڕەحیم

# چایخانە و قاوەخانە بۆ لانەیی ئەدەب و هونەر لای ئێمە

**ئەدەبیاتی نەتەوەیەک لە ڕێگەی قاوەخانەوە گەشە دەکات.**

ئۆسکار وایڵد ١٨٥٤-١٩٠٠



نەبوونی قاوەخانە وای کردووە ئەدەبیات و هونەر لە وڵاتی ئێمە بێ لانە بن. دیارە نەبوونی کولتووری ئەو کارەیش وای کردووە ئەو چایخانانەی لە وڵاتی ئێمە هەن شوێنی خاوێن نەبن و هەژاری خواردن و خواردنەوەیش تێیاندا وای کردووە مرۆڤ زۆر لە لای خۆیان گل نەدەنەوە. چایخانەی ئێمە جگە لە چای چی تری هەیە بیخاتە بەردەست میوان و ڕێبوارەکان؟ چایەک کە دیمەنی پیاڵە و ژێر پیاڵەی دوورە لە هەموو جوانی، ڕەنگینی ئەدەب و هونەر.

هەر تەنیا نووسەران و هونەرمەندانی وڵاتانی تر نین قاوەخانە یان چایخانە دەکەن بە لانەی پێکگەیشتن و وتووێژی ڕۆشنبیری. نووسەرانی خۆشمان زۆرن حەز دەکەن لە چایخانەیەک یان قاوەخانەیەکدا پێک بگەن. لە وڵاتی ئێمە ئەوانەی لە قاوەخانە دادەنیشتن و دەیانخوێندەوە بە ژمارە کەم نەبوون و ئێستایش کەم نین، بەڵام چۆن قاوەخانەیەک؟ چۆن چایخانەیەک؟ چایخانەیەک کە خاوێن نەبێت ناتوانێت ببێت بە لانەی جوانی، ئەدەب و هونەر. بەر لە هەموو شت چایخانەکان دەبێ بە بیر و خەیاڵی جوانی بخەمڵێن و جوانی لەو شوێنەدا دیمەنی سەردەست بێت، جا دەتوانن ببن بە مەنزڵی ئەدەب و هونەر، چونکە ئەدەب و هونەر هەوێنی جوانین و لە شوێنێکدا هەناسە دەدەن و باڵا دەکەن جوانی گەشاوە بێت. ئایا ژمارەی ئەو چایخانانە کە خاوێن، دڵگیر و سەرنجڕاکێشن لە وڵاتی ئێمە چەندن؟

**ئەدەب و هونەر هەوێنی جوانین و لە شوێنێکدا هەناسە دەدەن و باڵا دەکەن جوانی گەشاوە بێت**

بێگومانم چایخانەمان نییە لەگەڵ چایخانەی وڵاتانی تردا بەراوردی بکەین. ئەو هونەرمەند و نووسەرانەی کورد بە ژمارە زۆرن حەز دەکەن لە چایخانە دابنیشن، حەز دەکەن چایخانە بکەن بە لانەی دیداری ڕۆشنبیری. بەڵام چایخانەکانی ئێمە شایستەی ئەوە نین ناوی چایخانەی

هونەری و ئەدەبییان پێ ببەخشین.

ئێرنست هەمەنگوای ۱۸۹۹-۱۹٦۱ سەبارەت بە ڕۆژانی خۆی لە پاریس دەنووسێت:

من هەمیشە دەمتوانی بچمە قاوەخانەیەک و دەست بە نووسین بکەم. دەمتوانی هەموو کاتی سبەینانم بە دیار قاوەیەکەوە دابنیشم و کار بکەم. بەڵام هەمەنگوای لە کوێ ئەم دەرفەتەی بۆ لواوە؟ لە پاریس و لەو قاوەخانانەی ئەو شارە کە هەر یەکێکیان خاوەنی مێژوویەکن لە دنیای ئەدەب و هونەردا. ئەو قاوەخانانەی خاوەنی یادگاریی زۆری سەرنجڕاکێشن لەگەڵ ڕۆشنبیران و داهێنەرانی فەڕەنسی و بیانیدا. سروشتی خاوێن و هونەری خزمەت و پێشوازی لەو شوێنانە بە جۆرێکن لە وڵاتی ئێمە بوونیان نییە.



دیارە پاریس سەدان قاوەخانەی تایبەتمەندی لە ئامێز گرتووە، بەڵام دەکرێ مرۆڤ وەکو میناک باس لە قاوەخانەی "دو فلۆر" بکات کە شوێنی گەورە ڕۆشنبیرانی کۆن و نوێی فەڕەنسایە. ئێستایش ئەو قاوەخانەیە لانەیەکی پڕ جوڵە و زۆر گەرمی کولتووری، هونەری و هزرییە. قاوەخانەی "دو فلۆر" شوێنی یەکگرتن و دانیشتنی سارتەر و بۆڤاری بووە لەگەڵ هاوڕێ ڕۆشنبیرەکانیاندا. ئەو شوێنە ژوانی بە یەکگەیشتنی ناوبراوان بووە لەگەڵ کەسانێک کە خوازیاری دیداریان بوون و لە نزیکەوە بیاندوێنن و وتووێژیان لەگەڵ ساز بکەن.

پاریس مەڵبەندی کولتوور و هونەر، خاوەنی چەندین قاوەخانەیە کە بە بۆنی ڕۆشنبیر و هونەرمەندان باڵایان کردووە و مێژوویەکیان بۆ خوڵقاندوون شایەنی خوێندنەوە و شایانی تێڕامان بن.

پەسنێکی شاعیری ئێمە شێرکۆ بێکەس بۆ پاریس هەیە دەڵێ: بۆیە حەزم لە پاریسە چونکە لە نێوان قاوەخانەیەک و قاوەخانەیەکدا، قاوەخانەیەکی تر هەیە.

بەڕاستیش وەهایە، کە بە پاریس و بە تایبەتیش بەو شاقامانەدا مرۆڤ تێپەڕ دەبێت هەست دەکات قاوەخانە بۆ ئەو وڵاتە هەناسەیەکی ترە بۆ کولتوور و مرۆڤ، دەبینێت قاوەخانەکان چۆن ئەو شەقامانەی پاریسیان خەملاندووە. ئەو قاوەخانانەی سەرباری ئەوەی لانەی هونەر، ئەدەب و هزرن، چەندین خواردن و خواردنەوەی بە چێژ و پاک پێشکێش دەکەن.

بەهیوام لە داهاتووی نزیکدا
چایخانەیەک بە ئاسوودەیی لە ساباتیدا دابنیشین، گلمان بداتەوە کتێب و رۆژنامەی تێدا بێت بۆ خوێندنەوە

ئالفرێد شمێلەر (١٩٢٠-١٩٩٠) شارەزای مێژووی هونەر و وەشانکار، دەبێژێ:

ئەگەر لە ماڵ نەبووم لە قاوەخانەکەم. ئەگەر لە قاوەخانەکە نەبووم، ئەوا بەرەو ئەوێ بەڕێوەم.

بەهیوام لە داهاتووی نزیکدا قاوەخانەی رەنگین و تانوپۆ خەملیو بە کولتوور و هونەرمان هەبێت. قاوەخانە یان چایخانەیەک بە ئاسوودەیی لە ساباتیدا دابنیشین، گلمان بداتەوە کتێب و رۆژنامەی تێدا بێت بۆ خوێندنەوە.

جێگەی داخ و نەنگییە نەک لە شارە بچووکەکانی ئێمە، بەڵکو لە شارە گەورەکانیشمان چایخانەیەک نییە رامان بکێشێت و ببێت بە داڵدەی ژوان و یەکبینین.

١/ ١٠/ ٢٠٠٩